ماوەیەکە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێگای کۆمەڵێک خەڵکی بەکرێگیراوی کوردستانی ڕۆژهەلات بە تایبەتیش لە ریگای کۆمەڵێک کادری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیەوێت مێژووی پارتی و بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی پیرۆز بکەن و خیانەت و کوردکوژییەکانیان بۆ پەردەپۆش بکەن. بەندەش بە ئەرکی سەر شانی خۆمی ئەزانم رووی راستەقینەی بنەماڵەی مەلا مستەفا و پارتەکەی وەک خۆی بەبەڵگەوە ئاشکرا بکەم و پەردەی لەسەر هەڵمالم، بۆ ئەوەی چیتر نەوەی نوێی گشت کوردستان، بەتایبەتیی کوردستانی رۆژهەلات و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەواشەنەکرێن، ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵێک قەڵەمفرۆشی و بەکرێگیراوی حیزبەکەیان یان هەندێک قەڵەمفرۆشی دیکەوە کە خۆیان فرۆشتووە بە بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی.
بۆ وەڵامدانەوەی ئەو قەڵەم فرۆشانەی بنەماڵەی مەلا مستەفا کە لە پیناوی پارەدا وێژدانی خۆیان فرۆشتووە و خەریکی نووسینەوەی مێژوویەکی پڕ لە چەواشەن، بە بەڵگەوە کتیبێکی کۆمیتە حیزبی دیموکوراتی کوردستانی ئێران، کە لە ساڵی ١٩٨١ لەچاپدراوە بە ناونیشانی (خیانەتەکانی قیادە مووقەت بە نەتەوەی کورد) کە هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن نووسەری ئەم کتێبە هەریەکە لە(مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە ودکتۆر قاسملۆ) بوونە، لێرە بەدوا دەست دەکەم بە نوسینەوەی کتێبەکە وەک خۆی و بەبێ دەستکاریی یەک وشەی بۆ زیاد و کەم ناکەم وەکو خۆی بۆتان دەنوسمەوە، بەڵام ئەگەر هەڵەیەک لە نوسینەکەدا هەبێت یان ناوێک وەکو خۆی نەنوسرابێتبۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو کتێبەی لە بەردەستی مندایە لە هەندێک شوێن نوسینەکەی کاڵ بووەتەوە و بەباشی ناخوێندرێتەوە.
سەرتای کتیبەکە لە پێشکەیی نووسەرەکەوە دەست پێدەکەم.

مرۆڤ کاتێک مێژووی راستەقینەی زۆرێک بەناو ئەم سەرکردانەی کورد بەگشتی و بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی بە تایبەتی ئەخوێنێتەوە، بۆی دەرئەکەوێت ئەمانە داردەستێکی باش بوون بۆ هێنانەدی خواست و ئاواتەکانی داگیرکەرانی کوردستان. کاتێک کە کتێبی (خیانەتەکانی قیادە مووقەتە بە نەتەوەی کورد )م لە کتێبخانەکەی کوردستانپۆست خوێندەوە. کە زۆر بە بچوکیی و بە وردی، بە رۆنیو نووسرابوویەوە بڕیارمدا کێتێبەکە وەکو خۆی بنووسمەوە. ئەوە ماوەی چەند رۆژێکە دەستم بە نووسینەوەی کتێبەکە کردووە و دوو بەشی پێشتر لە کوردستانپۆست دابەزیووە و بە باشم زانی بە یەک بەشی تر لاپەڕەکانی دیکەی ئەو کتێبە بنووسم و بڵاو بکەمەوە هەرچەندە زۆریش بێت. ئەهمێتی ئەم کتێبە لەوەدایە کە کاتێک ئەی خوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کاتی خۆی مەلا مستەفا چۆن هەنگاوی هەڵهێناوە بۆ خیانەتکردن لە گەلی کورد ئاواهاش لەمڕۆدا وەچەکانیشی هەمان خیانەتی پڕ لە شەرمەزاری باوکیان دووبارە دەکەنەوە و بە هیچ شێوەیەک سڵ لە خیانەتکردن و خۆفرۆشی و کلک گرێدان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ناکەنەوە، کە لە پێناوی هێنانەدی خەونە گڵاوەکانی بنەماڵەکەیان دەست لەگەڵ شەیتانیش تێکەڵ دەکەن. هەروەها دەرئەکەوێت ئەم بنەماڵەیە چەند کۆیلە و سوک و زەلیل و بچوکن لە بەردەم داگیرکەرانی کوردستان و چەندەش خۆ بەزل زانن لەناو میللەتەکەی خۆیان و خەڵکی وەک کۆیلە سەیر دەکەن خۆیشیان بە ئاغا. کاتێک کتێبەکەم دەخوێندەوە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانین ڕیگا چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەهەموو لایەک بۆ هەتا هەتای دەسەڵاتی چەپەڵ و زەلکاوی ئەم بنەماڵەخائین و خۆفرۆش و وڵات فرۆشە بنبڕبکەین. ئەوەیشی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا بەدیم کرد ئەوەبوو کە مەلا مستەفا چۆن خیانەت و گەل فرۆشی کردوە و چۆن هەر ڕۆژە و داردەستی داگیرکەرێکی کوردستان بووە و ئازاوپاڵەوان بووە لە کورد کوژی و خیانەت و گەل فرۆشیدا، ئەواش مەسعودی کوری و وەچەکانی بە هەمان شێوە لەسەر ئەو ڕێچکەیەی باوکیان بەردەوامن.
بە بۆچوونی من تا بنەماڵەی مەلا مستەفا مابێت جاشایەتی و خۆفرۆشی هەرگیز لە کوردستان بنبڕناکرێت، چونکە خیانەتکردن وەکو خوێنی لێهاتووە لە نێو جەستە ئەو بنەماڵەیەدا، ئەگەر

خوێنی خیانەت و خۆفرۆشی یان لێ ببڕێت یەکسەر دەمرن و ژیان لەدەست دەدەن.لە هەمووی قێزەونتر ئەوەیە کۆمەڵێک قەڵەم سۆزانی هاتوون بە پارە خۆیان فرۆشتووە و بە عەقڵی زەلکاویان دەتوانن مێژووی ڕەشەی ئەم بنەماڵەیە سپی بکەنەوە. بەڵام خەیاڵیان خاوە بتوانن تاریکی شەوی بێ مانگە شەو وەک ڕۆژی ڕووناک بە خەڵک بناسێنن. نامەوێت دووبارە ڕووداوەکانی نێو کتێبەکە لێرەدا بنووسمەوە و درێژ دادڕیتێدا بکەم. بەڵکو ئەمەوێت ئێوەی خوێنەر کتێبەکە وەکو خۆی بخوێننەوە کە بەڵگەیەکی بچوکە لە چاو ئەو هەموو بەڵگە گرنگەی لەسەر خیانەتەکانی مەلا مستەفا بارزانی و وەچەکانی بوونیان هەیە. کتێبەکەشم لەبەر خاتری چڵکاوخۆر خۆفرۆشەکانی ئێستا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نەنوسیوەتەوە کە خۆیان بە پارتی و بنەماڵەی گەل فرۆشی مەلا بارزانی بە پارە فرشتووە و وەک کۆیلەیەک خزمەتی یان ئەکەن، بەڵکو ئەمە شتێکی مێژووییە و کۆمەڵێک مەعلوماتی زۆر گرنگی تێدایە لە بارەی خیانەت و خۆفرۆشیەکانی ئەو بنەماڵەیە.

منیش بەچەند بەشێک ئەو کتێبە کە کاتی خۆی هەر هەمان حیزب، کە ئیستا بوونەتە پیاوی پارتیی و بنەماڵەی بارزانی وەک خۆی بڵاودەکەمەوە.

**(سەباح عەلی قارەمان)**

